# با 15ی دیسمبەر ( نا )یەکی گەورەتر لە ( نا )یەکەی 15ی ئۆکتۆبەر بدەین بەرووی سیناریۆی بەدیلە کۆنە پەرستە قەومی و ئیسلامیەکاندا

**خەلکی ئازادیخوازو ستەمدیدەی عیراق!**

لە ماوەی زیاتر لە دوو سال و نیوی رابردودا، هەموو ئەلقە یەك لە دوای یەکەکانی سیناریۆی سیاسەتی ئەمریکاو دەست و پیوەندەکانی لە عیراقدا تاقی کرانەوە. بە نرخیکی گران و بە قوربانی بوونی دەیان هەزارکەس و تیکروخانی بنەمای ژیانی مەدەنی و شیرازەی ژیانی کۆمەلایەتی و فوقم بوون لە نیو جەنگ و تیرۆرو نا ئەمنی و شەروکیشەی کۆنەپەرستانەی قەومی تائیفیدا، ئەو راستیە بۆ هەموان ئاشکرابوو، کە پرۆسەی بە ناو "ئازادی عیراق"و ئەلقەکانی دواتری ئەم سیناریۆیە، سەرجەم نەخشەیەك بوون بۆ قەراردانی ئەم کۆمەلگایە لە نیو کارەساتبارترین سینایۆی رەشدا، نەخشەیەك بوون بۆ ویرانکردنی کۆمەلگایەی 25 ملیونی لە پیناو بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو داسەپاندنی دەسەلاتی هیزە کۆنەپەرستە قەومی و دینیەکاندا.

لەم دوو سال و نیوەدا شیوە جۆراوجۆرەکانی دەسەلات و ئیدارەی ئەمریکاو حکومەتە قەومی و ئیسلامیە گوێلەمستەکانی تەجروبەکران، هەموو وەعدەو بەلینە فریوکارانەکان لە مەحەکدران، بۆ هەریەك لەم سیناریۆیانە هەراوهوریای گەورەو تۆپبارانی پروپاگەندەو دۆرودەلەسەی فراوان بەرپاکرا، بۆ هەموو ئەوانە شایی و لۆغانی سەرکەوتن و مسۆگەربونی خواست و ئاواتەکانی جەماوەر بەریخرا، بەلام بە کردەوە دەرکەوت ئەوەی بە ناوی رزگاری عیراق و پیادەکردنی تەجروبەی دیموکراسی و بەدیهاتنی ئارەزوەکانی خەلکی عیراقەوە بەریوەدەبریت، شتیك نیە جگە لە راکیشانی کۆمەلگا بۆ ناو کارەساتگای شەرو تیرۆریزم و کۆنەپەرستی و نا ئەمنی و بیدەرتانی.

لە نیو سالی 2005دا دوو سیناریۆی گالتەجارانەیان بە ناوی هەلبژاردن و ریفراندۆمی پەسەنکردنی دەستورەوە بەرپاکرد. بۆ هەریەك لەمانە دەریایەك پروپاگەندەو درۆودەلەسەی فریوکارانە دەرخواردی کۆمەلگا درا، بەلام ئەنجامەکانیان بۆ خەلك جگە لە قولبونەوەی کارەساتەکان و پەرەسەندنی نا ئەمنی و برسیتی و بیدەرتانی و بێمافی هیچی تر نەبوو. لە جیاتی ئازادی و ئەمنیەت و دابینکردنی گوزەران، سەرەتایترین ئازادیە سیاسی و مەدەنیەکان خرانە ژێرپیلەقەوە، لە جیاتی دابینکردنی ئەمنیەت کۆمەلگایان نوقمی تیرۆریزم و تەقینەوەو خوین کرد، لە جیاتی دابینکردنی گوزەران مەوادە خوراکیە بێکەلکەکانیشیان بری و داهاتی ولاتیان بە لیشاو تالان کرد.

بۆ پەلکیشکردنی خەلك و راگرتنیان لە پشت نەخشەو پلانەکانی خۆیانەوە لە پیناو مسۆگەرکردنی بەشە دەسەلاتی خۆیان، هەولیاندا خواستەکانی جەماوەر لە قالبی کۆنەپەرستانەی قەومی و دینی و تائیفیدا گەلالە بکەن، گەورەترین پروپاگەندەی فاشیانەی عەرەبی و کوردی و تورکمانی و ئیسلامی و تائیفیان بەرپاکرد، قولترین قلشت و دوبەرەکایەتیان لەسەر ئەم بنەما پوچ و دارزیوانە سازکرد، بە فریوکاری و بە هەرەشەی جۆراوجۆر بەشیك لە خەلکیان بردە بەردەم صندوقەکانی یاری دابەشکردنی دەسەلات. سەرانی ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیزمی عەرەب و کوردیان گەیاندە سەر کورسی دەسەلات، بەلام لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هەموویان ئیمتحانی خۆیانداو بە کردەوە سەلماندیان کە هیچ کامیان بە هیچ جۆریك نوینەری هیچ خواست و ئارەزوویەکی خەلك ناکات و ناکۆکیەکی گەورە لە نیوان ئامانج و ئاواتەکانی خەلك و دەسەلاتی کۆنەپەرستانەی ئەواندا هەیە. بە خیرایی لە ئاستیکی زۆر فراواندا دەنگەدەران و بەشدارانی سیناریۆی هەلبژاردن و ریفراندۆمیان دوچاری پەشیمانی کرد.

ئیستاش بۆ جاری سیەم هەر لە ماوەی ئەمسالدا دەیانەوێ سیناریۆیەکی دیکە بە ناوی هەلبژاردنەوە بەرپا بکەن. دوبارە لیشاوی پروپاگەندە دەستی پێکردوەو دەیانەوێ لە ماوەی ئەم یەك سالەدا بۆ سیهەمین جار یاری و سوکایەتی بە ئیرادەی خەلك بکەن. بەلام لانی کەم دوو تەجروبەی پیشوو هیچ گومانیکی لەسەر ئەو راستیە نەهیشتوەتەوە کە ئەوەی پیی دەلین هەلبژاردن هیچ لیکچونیکی لەگەل هەلبژاردنی واقعی نیە. بەشداری خەلك و دەنگی خەلك هیچ دەوریکی لەسەر ئەنجامەکەی نیەا، ئەوەی ناوی نراوە هەلبژاردن یارییەکە بۆ دابەشکردنی دەسەلات و دیاریکردنی بەشی هەریەك لە لایەنە قەومی و دینیەکان لەم دەسەلاتەدا. چەك و ملیشیاو توانای تۆقاندن و تیرۆرو ملهوری و ساختەو تەزویر، دەوری سەرکی دەبینێ لە بردنی بەشی زیاتردا. باسی هەلبژاردن دەکەن بەبێ ئەوەی ئازادی سیاسی و ئازادی دەنگدان لە ئارادابیت، لە قەلەمرەوی دەسەلاتی هەر ملیشیایەکدا نەك هەر بواری هەلسوران و پروپاگەندەی لایەنەکانی مخالف نادرێ بەلکو دەخرینەبەردەم پەلاماری تیرۆرو تەصفیەی سیاسی. لە هەلومەرجیکدا کە جگە لە هیزە داگیرکەرە پان و بەرینەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، چەندین ملیشیایی چەکداری هیزە قەومی و دینیەکان وەکو (بەدەرو پیشمەرگەو سوپای پاسدارانی جمهوری ئیسلامی)و دەیان تاقمی چەکدارو تیرۆریستی دیکە لەسەر سنگ و ئیرادەی خەلك تەراتین دەکەن، باسی هەلبژاردن و گەرانەوە بۆ رای خەلك جگە لە فروفیشالی پوچ و جگە لە فریوکاری هیچی تر نیە.

جەماوەری خەلکی ئازادیخواز دەبی لەبەرامبەر ئەم گالتەجاریەو یاری کردن بە ئیرادەو چارەنوسیان پەیگیرانە راوەستن، تەجروبەکانی پیشو هیچ گومانیکی لەسەر ئەو راستیە نەهیشتوەتەوە کە هەر جۆرە گریدانەوەیەکی ئومید لەلایەن خەلکەوە بەم سیناریۆ فریوکارانەیە، جگە لە

پەشیمانیو جگە لە چاوەروانی بۆ ئایندەیەکی تەلخترو پەرەسەندنی زیاتری نا ئەمنیو برسیتیو بێمافیو بیدەرەتانی هیچی تر نیە. هەرکەس بە هاتوهاواری ئازادی عیراق فریوی خوارد ئیستا دەتوانێ ببینێ کە چۆن سەرتایترین ئازادیەکان خراونەتە ژیرپیلەقەوە، ئەوانەی بە پروپاگەندەی تائیفی شیعەو سونە سەرمەست کرابوون ئیستا دەتوانن ببینن کە چ جەهەنمیکی واقعیان بۆ خولقینراوەو چۆن شەری کوشتاری بە کۆمەلیان لە پیناو دەسەلاتی لایەنە ئیسلامیە شیعەو سونیەکاندا بەرپاکراوە، ئەوانەی بە ناوی "بەشی کوردو بەهیزکردنی دەوری کورد"ەوە برانە بەردەم صندوقەکان، ئیستا دەتوانن ببین کە چۆن شەپۆلی نارەزایەتی لە دژی گەندەلیو راوروتو دەسەلاتی ئەوانەی کە گوایە نوینەرایەتی (مافی کورد) دەکەن، سەرتاپای کوردستانی داگرتووە.

لەوە زیاتر هیچ چاوەروانیەکی دیکە لەم هیزانەو لە سیناریۆکانیان ناکرێ، هیچ یەك لەم هیزانە بە هیچ شیوەیەك نوینەرایەتی خواستو ویستو ئارەزوەکانی خەلك ناکەن، ئەمانە سەرجەم دەسکەلای داگیرکەرو نوینەری دواکەوتوییو نا ئەمنیو شەرو تەفرەقەو هیزی سیناریۆی رەشن، ئەمانە هیزی دژی ئازادیو خاوەن زیندانی نهینیو شکەنجەخانەو دەزگای تیرۆریستین، سەرجەم دژی ئازادیو سکولاریزمو تەمەدنو مافە سەرەتایەکانی خەلكو کریکارو ژنو لاون. سیناریۆی هەلبژاردنەکەشیان نمایشیکە بۆ داتاشینی شەرعیەتیکی ساختە بۆ دەسەلاتی نا شەرعیو بوارکردنەوە بۆ داسەپاندنی خویانو پلاتفۆرمە کۆنەپەرستانەکانیان بەسەر کۆمەلگادا.

## جەماوەری ئازادیخواز! کریکاران! ژنان، لاوان!

ئیوە کە خوازیاری ئازادیو یەکسانیو سکولاریزمن، ئیوە کە لە دژی نا ئەمنیو برسیتیو بیدەرەتانیو شەرو کیشەو یاساو نەریتی دواکەوتوانە بەدەنگهاتون، ئیوە کە بەدەست ملهوری ملیشیاو زولمو زۆرو چەوسانەوەوە هەراسانن، لە سیناریۆی داسەپاندنی دەسەلاتی ئەو هیزانەدا بەشداری مەکەن کە لە پشتی گشت ئەم نەهامەتیانەوە راوەستاون، لە گالتەجاری ئەو هەلبژاردنەدا بەشداری مەکەن کە دەیەوێ شەرعیەتیکی ساختە بۆ ئەم هەموو بیدەرەتانیە داتاشێ. بۆ بەرگرتن لە دریژەپەیداکردنو قولبونەوەی ئەم هەلومەرجە کارەساتبارە هیزی خۆتان لە پیناو ناکام کردنەوەی ئەم گالتەجاریەو لەکارخستنی دەورو دەسەلاتی ئەم هیرانە بەکاربخەن. جەماوەری ئازادیخوازی عیراقو کوردستان رۆژی 15ی ئۆکتۆبەر نایەکی گەورە یان دا بەرووی دەستوری فاشیانەی ئەم هیزانەداو بەم جۆرەش ژیرپێی دەسەلاتو دەوری کۆنەپەرستانەی ئەم هیزانە فشۆلتر کرایەوە. با رۆژی 15ی دیسەمیەر دیسان بە تەحریم کردنی گالتەجاری هەلبژاردنی تازەیان (نا)یەکی گەورەتر بدەین بەروویانداو هەنگاویکی تر لەم ریگایەدا هەلبگرین. کۆتایهینان بەم کارەساتگایەو ئایندەیەکی درەخشان پیش هەرشت لە گرەوی کردنەدەرەوەی هیزەکانی ئەمریکاو دەسکۆتاکردنی هیزە قەومیو دینیەکاندایە. ئەمە مەیدانی نەبەردی راستەقینەی جەماوەری ئازادیخوازە بۆ نەخشاندنی ئایندەیەکی درەخشان.

*ریبوار ئەحمەد/ سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی*

*حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق/ سەرەتای دیسەمبەری 2005*